هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ رادەگیرێت

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ رایگەیاند، لەئەمشەوەوە هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازە رادەگیرێت، ئەوەش بەهۆی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دەروازەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ لە راگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان و گەشتیاران دەکەین کە لەکاتژمێر 12:00ی ئەمشەوەوە هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازەکەڕا دادەگیرێت و تا کاتژمێر 7:00ی بەیانی رۆژ شەممە 2ی 3ی 2024 بەردەوام دەبێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، راگرتنی هاتوچۆی گەشتیاری لە دەروازەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ بەهۆی ئینجامدانی هەڵبژاردنەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام هاتوچۆی بازرگانی ئاساییە و ڕانا گیرێت.